## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# ئاکامی یەکەم هەڵبژاردن

## ٣

لە ئاکامی هەڵبژاردندا، پارتی دیموکراتی کوردستان (٥١٪) دەنگەکانی بەرامبەر حیزبەکانی دیکەی کوردستان هێنا، بەڵام هەر چۆن هەمیشە لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەماندا، کردیە (٥٠٪) بە (٥٠٪) بەمەش هەنگاوێکی دیکەی پێشڕەوایەتی نواند.

دەستنیشانی پەرلەمانتاران کراو، کاتی دیاریکراویان بۆ سوێند خواردنی یاسایی ئەندامەکان دانا. لەو رۆژانەدا سەرقاڵی فیلمی سینەمایی (شێرۆ) بووم، ئەوە بوو بەر لە رۆژی دیاری کراوی سوێند خواردن، بۆ وێنە گرتن و دەستنیشانکردنی شوێنەکانی وێنەگرتن روومان لە شارۆچکەی (حەریر) کرد. ماڵی خوالێخۆشبوو (مەلا غەفار) کە ئاشنایەکی دێرینی (مامۆستا نەوزاد مەجید) بوو، کرایە نیمچە ئۆفیس و چەند بینراوێکیشمان لە ماڵ و سەربانەکەیان تۆمار کرد، لەو ناوە گوندی (گولەك) مان هەڵبژارد، کە لە داوێنی گەلێك دابوو، تابلێی جوان و دڵگیر بوو، گوڵاڵە سوورە و گوڵە زەردە و حاجیلە لە باوەشی مێرگەکانیدا قاقا لێدانیان بوو. بۆ بەیانی کە رۆژی سوێند خواردنی پەرلەمان بوو، هەر زوو ئامادەی وێنەگرتن بووین و بینراوێکی گرنگی من هەبوو، کە لە ناو ئاهەنگی خەتەنەسورانەکەدا، فێ دەمگرێ و دەکەوم بە ئەرزا و پاشان سەلکێ پیازی گەورە بە زەوییە چیمەنتۆرێژەکە دەدەن و لەسەر و چاومی هەڵدەسوون، ئەوەی جێگای سەرنج بوو هەر لەگەڵ زرمەی کەوتنەکەمدا خانمێکی ئیتاڵی کە بەڕێوەبەری وێنەگرتن بوو، شپرزە بوو پەلاماری دام، وای زانیبوو بە راست وام بەسەر هاتووە.

بە هەرحاڵ لە کەوتنەکەوە ئازارێکی کەمی مەچەك و چۆکم کەوتبوو، ووتم: ئەمجارەش نەمردم. چونکە بەر لە چەند رۆژێ لە نزیك (تاسڵووجە) بینراوێکمان هەبوو، لە دوو ژوور و هەیوانێکی وازلێهێنراودا وێنە دەگیرا، ئەو ژوورەی بۆ من تەرخان کرابوو پتر لە بیست دەبە بەنزینی پیاداکرابوو، ئاگری تێبەردەدرا، دەرهێنەر ووتی: تۆ لە ژوورەوە بە کە ئاگرەکەی تێبەر دەدەن، ئەو کاتە هاوسەرەکەم کە ئامادەبوو، لێی تووڕەبوو ووتی: کاك هونەر نیازت نییە بە کوشتنی بدەی؟ ئەوە بەنزینە و دەتەقێتەوە، قوڕ بەسەرت ئەگەر موویەکی سمێڵی هەڵکروزێ. ئەوسا ئیتاڵیەکان کەوتنە مشتومڕ، ووتیان: راست دەکات دەیکوژێ. ئەوسا چوومە هەیوانەکەوە، بەڵام وا دەردەکەوێ کە لە ژوورەکەدا، ئاگرنرا بە ژوورەکەوە و گرمەی کرد و ئەو پەنجەرە ئاسنینەی لە ژوورەکەدا بوو، بە چوارچێوەکەیەوە دەرپەڕی، منیش لە هەمان کاتدا بە شپرزەی دەرپەڕیمە دەرەوە. گەر وانەبووایە، ئەوە دەبووە دوا بینراو لە ژیانمدا. بەهەرحاڵ ئەو رۆژە لە (هەریر) دوا بینراوی ئەو شوێنە وێنە گیراو منیش پەلەی سوێند خواردنەکەم بوو، ئەو رووداوێکی هەرە گرنگی نەك ژیانی من، بگرە ژیانی گەلەکەم، دەرهێنەریش، مێش میوانی نەبوو، ئەو تەنها خەمی ئەنجامدانی کارەکەی بوو، هەر چۆن بێ تەنها سەعاتێکی مابوو، بە شوفێرەکەم گووت: ئەگەر باڵت بە ئۆتۆمبێلەکە گرتووە، دەبێ بەر لەوادە بگەینە هەولێر، هێندە پەلەم بوو فریای خۆگۆڕین نەکەوت، بگرە بەو جل و بەرگی کوێخایەتییەوە و قایش و قرو شکانمەوە کەوتنە رێ، هێندە نەبرد گەیشتینە هەورازێك بەر لە شەقڵاوە، ئۆتۆمبێل دەیبڕی و کەوتە نزرگەلێدان و جاروبار پژمین، لەپڕا جوڵەی لە خۆی بری و ئیستەرەمی پەککەوتنی کرد، ناچار بەو پۆشاك و سەرو سیمایەوە سەر رێگام گرت و بە هەردوو دەست ئاماژەی وەستانم بۆ ئۆتۆمبێلەکان دەکرد، بە گەڵابەش دەمژەنی، ئەوا چاوێکیشم بە سەعاتەکەم بربووە، خوا کردی تەکسیەکی بەتاڵ پەیدابوو، سەرکەوتم و خواحافیزیم لە (نەورۆز کاکەیی) شوفێرم کرد، ئیتر تا گەیشتمە بەر دەرگای دەرەوەی پەرلەمان جگە لە سەعاتەکەم و خێرایی بژێری ئۆتۆمبێلەکە هیچم نەبینی. دابەزیم و خۆم کرد بە ژوورا لە بەردەم پرسگەکەدا، برادەرێکی خەڵکی سلێمانی کە لە هەولێر فەرمانبەر بوو، ناوی (کاك فەهمی) بوو لە سلێمانی بە (فەهمی قژ رەش قژ لوول) ناسرابوو، بەڵام دیاربوو تەمەن گەنجێتیەکەی جاری جارانی لێگۆڕی بوو، بۆیە پێیان دەووت (فەهمی سەرسپی) بەهەر حاڵ چەك و قایش و قروشکەی لێوەرگرتم و خێرا گەیاندمیانە هۆڵی پەرلەمان و فریای سوێند خواردن کەوتم.



# ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

بەڕێزان سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی ئامادەبوون، ئەوەی پێویست بوو کرا، دوایی چەند ڕۆژێ فراکسیۆنەکەمان لە پیرمام کە زۆربەیان لە ئوتێل (کارۆخ)ی نزیك (م.س) دابەزیبووین بە سەرۆکایەتی کاك (جوهر نامیق سالم) لە باخچەکەی کۆبووینەوە و باسی لە ئەرکە مێژووییەکەمان کرا، ئەوسا باس لە لیژنەکانی پەرلەمانەوە کرا، سەبارەت بە لیژنەی (ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکان) داواکرا ئەندام بۆ سەرۆکییەکەی کاندید کرێ، خوالێخۆشبوو (کاك فلك الدین کاکەی) ناونووسکراو، خوالێخۆشبوو (مامۆستا عەفان نەقشبەندی)ش ناوی منی دا، پاش ئەوەی هەڵبژاردنی بۆ کرا، زۆربەی دەنگیان بە من دابوو، هەروەها بۆ دەستەی سەرۆکایەتی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەختبووی ڕێبازی بارزانی (فەرەنسۆ هەریری) بە سەرۆك دانرا بەڕێز (مامۆستا شێخ عەدنان نەقشبەندی) بەیاریدەدەر و منیش بە بڕیاردەر. دەتوانم بڵێم هەر بۆ ماوەی دوو ساڵی هێندەی بیست ساڵ پەرلەمان یاسا و بڕیاری گرنگی ئەنجامدا، بەتایبەت یاساکانی ڕێکخستنی کاروباری حکومەت و سەرجەم وەزارەتەکانی، ڕۆژ بە ڕۆژ کارمان گرانتر دەبوو، هەر چەندە ئەندامانی جگە لە ڕێز و خۆشەویستی هیچ شتێکی دیکەمان شك نەدەبرد، بەڵام دیاربوو باری حیزبایەتی کنەی لە زۆر شتدا دەکرد، ئەوەی لە شاخ لە هەگبەیاندا بوو، نایانەوە سەر سفرە. بۆیە چەلەحانێی (سیرە و نەخێر پیازە) کاتی زۆر لێدەبردین.

کاتی خۆی من پێکەنینم بە مشتومرە بەردەوامەکانی (کۆڕی زانیاری کورد) دەهات، کە کاتێکی زۆریان بە فیرۆدا بە (ناڵی)نییە (نالی) بەیان ئەوەتا (پیتە)نییە بەڵکو (تیپ)ە بەلای (حەرف) ئەوە، یان بردنەوەی کاری زمانەوانی بۆ عەرەبی و مەلایەتی و گەلێك زرمەزلێ لەسەر جەستەی زمان و ئەدەبی کوردی، تەنانەت ڕێنووسی بەسەر و بۆری عەرەبییەوە، لای ئێمەش (ژنەو ئافرەت نییە)و، (قوتابی نییە و خوێندکارە)، ( لیژنەیە و کۆمیتە نییە).. جگە لە بەیەکدی فرۆشتنی (ئەمە بکرێ و ئەمە نەکرێ) دیار بوو لە پشت هەر حاڵەتێکەوە چەوتە مەبەستێکی حیزبایەتی هەبوو.

بۆ مێژوو دەڵێم خودا شایەت، هەرکاتێ بە دیداری سەرۆك بارزانی دەگەیشتین، جارەها جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە: ((بەر لەوەی نوێنەری پارتی بن، دەبێ بزانن نوێنەری گەلی کوردستانن، ئاگاداربن کە هەرگیز جڵەو بۆ دەمارگیریی حیزبایەتی شل نەکەن...)). پاش ماوەیەك، لە پێناوی توند و تۆڵکردنی پەیوەندی ناوخۆمان و ئاگادار بوون لە ڕەوتی ئەزموونەکەمان لیژنەیەکی هاوبەش لە حکومەت و مەکتەبی سیاسی و سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکەمان پێکهێنرا و شەهید (سامی عەبدولڕەحمان) سەرپەرشتی دەکرد، کرام بە بڕیاردەری ئەو لیژنەی سەرۆکایەتییە، شەهید (سامی عەبدولرەحمان) پیاوێك بوو هەتا سەر ئێسك کوردپەروەر و لێوان لێوی (جدی)یەت لە کارکردندا، ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشابوو، ئەوە بوو لە تەك هەر کۆبوونەوەیەکی نوێدا لە کۆبوونەوەی پێشتردا چیمان باسکردبوو، هەر هەمووی لە نووکەوە بەیان دەکرد، لەگەڵ سەرانسەری بڕیارەکانیدا، کاتێ سەرنجی تۆماری دانیشتنەکانم دەدا، بە موو لێی لانە دابوو، واتە تیژترین زەینی هەبوو، بۆیە سات بە ساتی شۆڕشی (ئەیلوول) و سەرجەم ڕووداوەکان لەبیربا هەرچۆن نەقشی سەر بەرد بوو. هەر سەبارەت بەو تێکۆشەرە لە سەرەتای ڕاپەریندا بوو، ئێمە ژمارەیەك لە هونەرمەندان (کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان) مانە هێنایە ئاراوە، بۆ ئەو مەبەستە سەردانی زۆربەی حیزبەکانمان کرد لە چوارچێوەی ئەو گەشتەدا، ئێوارەیەك سەردانی بارەگای پارتی گەلمان کرد و چووینە دیداری (کاك سامی)، برای ئازیزمان (کاك مەجید رزگاری) لەوێ بوو، زۆر بە جوانی گوێی لە مەبەستەکەمان گرت و پشتیوانی بەڕێزیانی بۆ دەربڕین. تاریکی کرد و نیازی هەستانمان بوو. فەرمووی ئەوە نابێ و خودا چی دابێ دەبێ لەگەڵمان بەشداربن.

هەر بە شێوازە پێشمەرگایەتییەکە لەبری مافور و دۆشەك بەتانی لەمبەرو ئەوبەر داخرابوو، بەدەم گفتوگۆوە لەسەر ئایندەی هونەری کوردی، دەروێنە شیوێکمان خوارد، لەپڕا دونیا تاریك بوو لە هەموو لایەکەوە کرا بە تەقە و جەنگی مەغلوبە، هاواری کرد بۆ پێشمەرگەیەکی، کە بەبێ تەلەکە سۆراغی ئەو هەرایە بکات، تووڕە بوو ووتی:(ئا ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە بێ (بەرزانی نەمرمان پێوە دیارە، ئای بۆ ئەو مەزنە سەرکردەیەی کە بە نەمانی، ئەو کەلێنە گەورەیەی لە بوونماندا دروست کرد، کە هەرگیز پێمان پڕناکرێتەوە)، بارزانی مستەفا، ئەو چەترە مەزنەبوو، هەر هەموو خەڵکی کوردستان، بە گشت بیرو بۆچوون و ناوچەیەکەوە لە سامیدا ئارام و دڵنیابوون)).

**بۆ مێژوو دەڵێم خودا شایەت، هەرکاتێ بە دیداری سەرۆك بارزانی دەگەیشتین، جارەها جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە: ((بەر لەوەی نوێنەری پارتی بن، دەبێ بزانن نوێنەری گەلی کوردستانن، ئاگاداربن کە هەرگیز جڵەو بۆ دەمارگیریی حیزبایەتی شل نەکەن...))**

**دەتوانم بڵێم هەر بۆ ماوەی دوو ساڵی هێندەی بیست ساڵ پەرلەمان یاسا و بڕیاری گرنگی ئەنجامدا، بەتایبەت یاساکانی ڕێکخستنی کاروباری حکومەت و سەرجەم وەزارەتەکانی، ڕۆژ بە ڕۆژ کارمان گرانتر دەبوو، هەر چەندە ئەندامانی جگە لە ڕێز و خۆشەویستی هیچ شتێکی دیکەمان شک نەدەبرد.**



# لالە ئەسکەندەری: هونەرمەندیش ژیانی تایبەتی خۆی هەیە و پێویستە ڕێزی لێ بگیرێ

لالە ئەسکەندەری ساڵی ١٩٧٥ لەدایکبووە لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی لە تاران لە بواری گرافیك خوێندوویەتی، هەروەها فۆتۆگراف بووەو چەندین پیشانگای فۆتۆگرافی کردووەتەوە، نزیکەی ٢١ ساڵە لە بواری فیلمدا کاردەکات و تا ئێستا بەشداری لە دەیان فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنیدا کردووە، هەروەها یەکێکە لە شێوەکارە ناودارەکانی ئێران و تابلۆ و کارە هونەرییەکانی زۆربەی شەقامەکانی تارانی ڕازاندۆتەوە.

لالە سەبارەت بە سینەمای ئێرانی دەڵێت: سینەمای ئێرانی لە ساڵانی ڕابردوو لەسەر ئاستی جیهان بە گشتی هەنگاوی زۆری هاوێشتووە، ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی کە لەسەر ئاستی جیهان سوودی لێ ببینرێت، زۆر لە سینەماکارە ئێرانییە ناودارەکان لە دەرەوەی ئێران کاریان کردووەو سەرکەوتنی بەرچاویشیان بە دەستهێناوە، بۆیە دەبینین فیلمەکانیان خەڵاتی سینەمایی بەرز بەدەست دەهێنن، هەروەها سینەماکارە ئێرانییەکان لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا بوونیان بەرچاوە لە هەموو بوارەکاندا.

دەربارەی ژیانی تایبەتی ئەکتەر و هونەرمەندان لالە دەڵێت: هونەرمەندیش وەك هەرمرۆڤێکی ئاسایی ژیانی تایبەتی خۆی و پێویستە ڕێزی لێ بگیرێ، ڕەنگە خەڵك زیاتر بیناسن و ئاشنای کارەکانی بن، بە ڵام بە گشتی ئەویش مرۆڤە وەك هەموو مرۆڤێك ئاسایی دەژیت و یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی ژیانی بریتییە لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری، بە ڕای من هیچ تەمەنێکی دیاریکراو نییە بۆ چوونە نێو ژیانی هاوسەرێتی و هەر کاتێك مرۆڤ هەستی کرد لە ڕووی هزری و دەروونی ئامادەیە بچێتە نێو ئەم ژیان نوێیە، پێویستە ئەو کاتە کەسێك هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی بە یەکەوە ژیانێکی نوێ دەست پێبکەن و خێزانێك بونیاد بنێن، بۆیە من وای دەبینم ناکرێ تەمەنێکی دیاریکراو بۆ چوونە نێو ژیانی هاوسەرێتی بەسەر نەوەکان بسەپێنین، چونکە گەیشتنی هەر کەسێك بەو قۆناغە جیاوازە.

# لیۆناردۆ پاڵپشتی لە پاراستنی ژینگە دەکات



ئەستێرەی ناسراوی ئەمریکی لیۆناردۆ دیکاپریۆ رایگەیاند کە لە رێگای دەزگا خێرخوازییەکەی خۆی بڕی نزیکەی ٢٠ ملیۆن دۆلار پێشکەش بە ١٠٠ رێکخراوی ژینگەپارێز دەکات کە کاردەکەن بۆ باشترکردنی رەوشی کەش و هەوا و ئەم بڕە پارەیەش لە چەندین بواری جیاجیادا خەرج دەکرێت. بڕیار وایە بڕە پارەیەی کە دەزگای دیکاپریۆ پێشکەشی رێکخراوەکانی دیکە لە شەش بواردا بەکار بهێنرێت، لەوانە نەهێشتنی هۆکارەکانی گۆڕانکاری کەش و هەوا و پارستنی ژیانی وشکانی و دیمەنە سرووشتییەکان و ژیانی ئاوی و بەرگریکردن لە دانیشتووانە رەسەنەکانی چەندین ناوچە کە هەڕەشەیان لەسەرە، پێشبینی دەکرێت ئەم یارمەتییە وەبەرهێنانی دەزگای دیکاپریۆ بە رێژەی (٨٠) ملیۆن دۆلار زیاد بکات ئەمەش زۆرترین بڕە کە دەزگاکە بە دەستی هێنابێت لەو کاتەی کە دامەزراوە لە ساڵی ١٩٩٨.
بەم بۆنەیەوە لە میانەی ئەو کۆنگرەیەی کە وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا جۆن کیری رێکی خستبوو، گوتی: چەندین جار ئەو مەترسییانەمان خستۆتەڕوو کە رووبەڕووی جیهان بوونەتەوە لە ساڵانی رابردوودا، ئێمە ئەم کارە لەپێناو خۆمان و هەسارەکەمان و دوارۆژمان ئەنجام دەدەین، ئێستا باجی تەمبەڵی و بە هەند وەرنەگرتنی ئەم بابەتە بە ئاشکرا دیارە.



## بۆنام وێڵە


فیلمەکانی بۆلیۆد پێش چەندساڵێك بەوە ناسرا بوون کە پابەندن بە دابونەریتی کۆمەڵگەی هیندی، بەڵام لە ئێستادا گۆڕاوە و دیمەنی وروژێنەری زۆر لەخۆ دەگرێت کە زۆر جار تووڕەبوونی جەماوەری لێکەوتۆتەوە، یان بەشێك لە هونەرمەندان رازی نەبوون رۆڵی تێدا ببینن.
بۆنام باندی لە دوایین فیلمی خۆیدا تووشی گرفتێکی لەو جۆرە بۆوە، ئەویش دۆزینەوەی ئەکتەرێك بوو کە بتوانێت رۆڵی لەگەڵدا ببینێت بەپێی ئەو سیفات و تایبەتمەندییانەی کە ئەو دایناوە بۆ رۆڵەکە وەك ئەوەی لە سیناریۆکەدا هاتووە، بۆیە وێڵ بوو بەدوای کەسێك.
بەرهەمهێنەرانی فیلمەکە بە ئاشکرا رایانگەیاندووە کە رازیکردنی بۆنام کارێکی زۆر سەختە، چونکە ئەو کەسانەی پێشنیاریان کردووە ئەو پێیان رازی نییە، هەرچەندە زیاتر لە ١٠٠٠ کەس بەشدارییان لە تێستێکی تایبەت کردبوو کە بۆنام مەرجەکانی دانابوو. دوای ئەوەی تیمی فیلمەکە نەیانتوانی بە هیچ شێوەیەك بۆنام رازی بکەن، ناچار بوون لە رێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەرەوە بانگەوازێك بڵاو بکەونەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو پاڵەوانەی مەبەستیانە، هەروەها ماڵپەڕێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە و هەر کەسێکی بیەوێ بەشداری بکات، پێویستە ڤیدیۆیەك بۆ ماڵپەڕەکە بنێرێت و تێیدا چەند تێست و جووڵەی هونەری ئەنجام بدات.
سەرچاوە نزیکەکان لە تیمی فیلمەکە رایانگەیاند کە کەسایەتیی بۆنام لەو فیلمەدا زۆر گەرم و وروژێنەرە، بۆیە پێویستە ئەو کەسەی لە بەرامبەریدا رۆڵەکە دەبینێت بە هەمان شێوە بێت بۆ ئەوەی فیلمەکە سەرکەوتوو بێت.



## د.کەوسەر جەبارە:

# بەشێک لە فیلمە کوردییەکان توانیویانە وێنای راستەقینەی کارەساتەکانی گەلی کورد بکەن

د.کەوسەر جەبارە، مامۆستا لە زانکۆی دهۆک، پسپۆڕە لە بواری سینەما، خاوەن پرۆژەی نووسینی کتێبێکە لەسەر سینەمای کوردی، یەکێک بووە لە بەشداربووانی هەشتەم فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کوردستان بۆ فیلم کە لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو، ئەندامی لیژنەی دادوەری کورتە فیلمی فیستیڤاڵەکە بوو، ئێستا خەریکی ئامادەکردنی تێزی دکتۆرایە بە ناوی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان سینەما و ئەدەب.



سەبارەت بە راوبۆچوونی لەبارەی شێوازی بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵی ئەمساڵی سینەماو جیاوازی لەگەڵ ئەوانەی پێشوو، د.کەوسەر جەبارە گوتی: لەگەڵ هەبوونی چەند تێبینی و سەرنجێك بۆ فیستیڤاڵی ئەمساڵ، بەڵام ئەنجامدانی لەو بارودۆخەدا خۆی لەخۆیدا شتێکی باشە، رەنگە هەندێك لایەنی لە فیستیڤاڵی حەوتەم باشتر بوو، لەهەمانکاتدا کەموکورتیی زۆر بە سەرپەرشتیی فیستیڤاڵەکەوە دیار بوو، بە رای من خەڵکانی پسپۆڕی زیاتری پێویست بوو، بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشی بوو، ئەوە بوو کە ئەمساڵ شوێنی بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵەکە باشتر بوو، کوالیتی سینەما و فیلمەکان ئەمساڵ دڵخۆشکەر بوو.

د.کەوسەر جەبارە کە لە هەمان کاتدا رەخنەگرو شیکەرەوەی سینەمایە، لەبارەی جۆری فیلمەکانی بەشدار بووی فیستیڤاڵی هەولێر گوتی: فیلمی باش و فیلمی خراپ لە فیستیڤاڵەکە هەبوو، بەداخەوە بینەری فیلمەکان لە ئاستی پێویست نەبوو، جاری وا هەبوو بینەر بە ژمارەی پەنجەکانی دەست لە فیلمەکان ئامادە بوون، کاری هونەری واش هەبوو شوێنی دانیشتنی نەمابوو. شتێکی باش بوو کە فیلمەکان بەخۆڕایی بوو، هەروەها هەر فیلمێك بۆ چەندین جار لە هۆڵی دیکە دووبارە دەبوویەوە بۆ ئەوەی زۆرترین کەس بتوانێت سەیری فیلمەکان بکات. بەڵام ئەوەی لە رۆژانی فیستیڤاڵەکە تێبینیم کرد کە تەنها فیلمکاران ئامادەی بینینی فیلمەکان بوون، لە بارەی فیلمەکانیش بابەتەکانیان زۆر جوان بوون، بەڵام هەندێکیان وەك پێویست تەوزیف نەکرابوون، ئەمە وای کردبوو بەرۆکەکە وەك خۆی بە بینەر نەدەگەیشت، ئەمەش بە یەکێك لە نەرێنییەکان دادەنرێت، چونکە بەشێکی زۆریان لە ئاستێکی باشدا بوون، ئەگەر دەرهێنەر بەتوانا و زیرەك بێت، دەتوانێت لە کاتی تەوزیفکردنی بابەتێك ئەگەر لە ئاستێکی زۆر بەرزیشدا نەبێت، شتێکی جوان پێشکەش بە جەماوەر بکات.

سەبارەت بە پەیامی فیلمەکان کەوسەر جبارە دەڵێت: بەشیك لە فیلمەکان بە تەواوی پەیامی خۆیان گەیاند، بەڵام بەشێکیشیان جەماوەریان لە حاڵەتێکی وەکو چاوەڕوانیدا هێشتەوە، چونکە لە سەرەتای فیلمەکە چەند پرسێك دەخاتەڕوو بێ ئەوەی بکاتە وەڵامی پرسیارەکان و بە دوای ئەڵقەیەکدا دەگەڕێت کە لێی ون بووە، ئەمەش هەندێکی هۆکاری بۆ خودی دەرهێنەر دەگەڕێتەوە، یان بۆ دەقە ئەسڵییەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام بە ئەنقەست نییە، بەمەش فیلمەکە بەهای خۆی لە دەست دەدات و جەماوەر لە کۆتاییدا ئەو شتەی بۆی دەگەڕێت، نایدۆزێتەوەو وا بیردەکاتەوە کە فیلمێکە کەموکورییەکی سەرەکیی تێدایە. چونکە ئەگەر بە ئەنقەستیش ئەو ئەڵقەیە شاراوە بێت، ئەوا لە کۆتاییدا ئاشکرا دەبێت، وەك لە ئەدەبدا هەیە کە ناچارت دەکات تا کۆتایی بەردەوام بی بۆ ئەوەی بگەی بەو ئەنجامەی تۆ دەتەوێ .

سەبارەت تووڕەیی جەماوەر لە سینەما و بەچۆنییەتی هاندانی بۆ ئەوەی روو لە هۆڵەکانی سینەما بکاتەوە، کەوسەرجبارە گوتی: زۆر جار ئەو هۆکارانەی باسمان کرد، دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی لە سینەما دوور بکەوێتەوە، هەندێك جاریش ئەو بابەتانەی کە باس دەکرێن وەك خستنەڕووی واقیع، دیارە واقیعی ئێمەش زۆر سەخت و پڕە لە نەهامەتی، بینەر دێ سەیری فیلمێك دەکات تاکو بتوانێت لەو واقیعە دوور بکەوێتەوە و کاتێك هەمان واقیع دەبینێت، بێزار دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر چارەسەرکردنەکە باش نەبێت، چونکە ئەو چێژەی پێشبینیی دەکرد، نەیبینی، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك تاکو لە سینەما تووڕە بێت، بەڵام دەکرێ قوتابی بە کۆمەڵ بێن بۆ سەیری سینەما، تاکو بزانن ئاستی سینەمای کوردی گەیشتۆتە کوێ، یان هاووڵاتیان لەگەڵ خێزانەکانیان لە جیاتی ئەوەی بچن لە مۆڵێك بگەڕێن، دەتوانن بێنە هۆڵەکانی سینەما و سەیری فیلمێك بکەن، یاخود هوشیاری بدەن بۆ گەشتیارانی دەرەوەی کوردستان کە ئەوانیش چەند ساتێکی خۆیان لە گەشتەکەیان تەرخان بکەن و بێن سەیری فیلم بکەن.

دەربارەی ئەوەی کە ئایا سینەمای کوردی توانیویەتی وەکو پێویست سوود لە کارەسات و نەهامەتییەکانی گەلی کوردستان وەربگرێت و بۆ نەوەی داهاتووی بگوازێتەوە، کەوسەر جەبارە دەڵێت: بەڵێ، بەشێك لە فیلمەکان سەرکەوتوو بوون لە گواستنەوەی و وێناکردنی کارەساتەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو، بەتایبەتی فیلمە دیکیۆمنتارییەکان چەند کێشەیەکی گرنگیان بە جوانی خستۆتەڕوو، ئەو فیلمانە بە جێگیری دەمێننەوە و ناگۆڕێن بە گۆڕانی شوێن و کات و بینەر، بۆ نموونە ئەگەر سەیری فیلمێکی ساڵانی پەنجاکان، یان شەستەکانی سەدەی رابردوو بکەین، بیبینین هەر هەمان فیلمە، بەڵام لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی گۆڕاوە، سەرنجڕاکێشە و دەتوانین رووداوەکانی فیلمەکە لەسەر واقیعی ئێستامان ببینین.

یەکێك لە گرفتەکانی ئێستای سینەمای کوردی سیناریۆیە، لەم رووەوە کەوسەر جەبارە دەڵێت: ئەم گرفتە تەنیا لە سینەمای ئێمەدا نییە، بەڵکو لە هۆلیۆدیش هەیە، دەتوانین بە زۆر شێواز ئەمە چارەسەر بکەین، لەوانە ئامادەکردنی کادرێکی نوێی تایبەت، گرنگی زیاتر بە بەشی سیناریۆ بدرێت و تایبەتمەندییەکانی سیناریۆ زیاتر لێی وردبینەوە، چونکە سیناریۆ بریتییە لە نووسینەوەی وشە، بەڵام نووسینەوەیەك کە وێنەشی لەگەڵ بەجۆرێك پێویستە لە کاتی خوێندنەوەی وشەکان وێنەکان ببینرێت، هەروەها دەتوانرێت پەیڕەوی قوتابخانەیەك، یان مەنهەجێکی تایبەتی سیناریۆ بکرێ، نووسینەوەی سیناریۆکانیش کارێکی گرنگە بۆ پێشخستنی سیناریۆکان.